بەش : زمانی کوردی

کۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی

زانکۆ: سەلاحەددین

بابەت : دەنگسازی

پەرتووکی کۆرس – خوێندنی باڵا ( ماستەری زمان)

ناوی مامۆستا : د. عمر احمد عبدالرحمن

نازناوی مامۆستا : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ساڵی خوێندن: 2023-2024

# پەرتووکی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی كۆرس | دەنگسازی |
| 2.ناوی مامۆستای بەرپرس | د. عمر احمد |
| 3. بەش/ كۆلێژ | بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت |
| 4. پەیوەندی | ژمارەی مۆبایل (07504726403 )<br>ئیمێڵ: omer.abdulrahman@su.edu.krd.com |
| 5. یەكەی خوێندن | **3 كاتژمێر** |
| 6. ژمارەی كاركردن | |
| 7. كۆدی كۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | • ناو : عمر احمد عبدالرحمن<br>• مێژووی دامەزراندن : 1993/10/24<br>• شوێنی یەكەم دامەزراندن: وەزارەتی پەروەردە/پەروەردەی هەولێر/قوتابخانەی نازەنینی سەرەتایی<br>• مێژوی وەرگیرانم لە زانكۆ: لە ساڵی (2000 –2001) لە بەشی كوردی كۆلیژی پەروەردەی زانكۆی سەلاحەدین وەرگیرام.<br>• بڕوانامەی بكالۆریۆس : لە 2004/7/5 بڕوانامەی بكالۆریۆسم وەرگرت لە بەشی زمانی كوردی ، لەبەر ئەوەی یەكەمی سەر بەشەكەی خۆم بووم ،ڕاژەم گواسترایەوە بۆ هەمان بەش و بە(یاریدەدەری سەرۆكی توێژەران) دامەزرام.<br>• گواستنەوەی راژە : لە ڕێكەوتی 2005/1/3ڕاژەكەم گوازرایەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا /زانكۆی سەلاحەدین /كۆلێژی پەروەردە/ بەشی زمانی كوردی.<br>• مێژووی وەرگیران لە ماستەر: لە ڕێكەوتی 2006/11/8 لەخوێندنی باڵا/ماستەر وەرگیرام لە كۆلێژی زمان بەشی زمانی كوردی. |

| | |
|---|---|
| | • بڕوانامەی ماستەر: لە ڕێکەوتی 2009/3/25 بڕوانامەی ماستەرم وەرگرت لە زمانی کوردیدا<br>• ناونیشانی نامە ماستەر: فریزی بەند لە زمانی کوردیدا<br>• بڕوانامەی دکتۆرا: مانگی 12ی ساڵی 2022<br>• ناونیشانی تێزی دکتورا: شیکردنەوەی زمانی پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا<br>• وەرگرتنی نازناوی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە ڕێکەوتی 2023/11/9<br>• گواستنەوەی راژە : لە 2009/5/5 راژەکەم گوازرایەوە بۆ کۆلێژی زمان / سۆران<br>• نازناوەی زانستی : لە ڕێکەوتی 2010/3/2 نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) م پێ بەخشراوە.<br>• ناوی ئەو توێژینەوانەی ئەنجامم داون و لە گۆڤارە ئەکادیمییەکان بڵاوکراونەتەوە:<br>• ئەوانەی بەتەنیا ئەنجام داون:<br>1 -کاریگەری شێوەزاری ناوچەیی لە نوسینەکانی (هێمن موکریانی)دا . 2014/10/24 مجله الاستاذ.<br>2 -(زمانی پەخشانی زانستی و پرۆگرامەکانی خوێندن ) کتێبی زیندەزانی پۆلی یازدە و دوازدەی ئامادەیی بە نموونە . 5/14/ 2014 گۆڤاری زانکۆی راپەڕین.<br>3 -پەرتووکە سەرەتاییەکانی خوێندن لە باشوری کوردستان و زمانی پەرتووکەکان DOL : https://doi.org/10.54809/jkss.viL.53<br>4 -پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی زمانی پەرتووکی ئابووری پۆلی دوازدەی ئامادەیی بەپێی ڕێگای هەڵسەنگاندنی وەرگرتن - گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین: 2023/6/29 VoL.10-No.2<br>5 -جۆراوجۆری زمانی لە رۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم) ی فەرهاد پیربالدا گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ساڵی (2023)<br>6 -دابەشبوونی زارە کوردییەکان بە پێی تیۆری (شەپۆڵەکان) شێوەئاخاوتنی سورچی بە نموونە گۆڤاری (توێژەر)- زانکۆی سۆران- 2023<br>-ئەوانەی بە هاوبەشی ئەنجام داوون:<br>1 -شیکردنەوەی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی کوردیدا . 2012/12/11 گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی . بە هاوبەشی لەگەڵ (د. هیوا احمد عصاف)<br>2 -رۆلی ناوی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە زمانی کوردیدا 2012/10/24 مجله الاستاذ . بە هاوبەشی لەگەڵ (د. هیوا احمد عصاف). |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | فۆنەتیک، فۆنەتیکی فیزیکی- درکاندن- بیستن، ئەندامانی ئاخاوتن، فۆنۆلۆجی، فۆنیم، برگە، یاسا فۆنۆلۆجییەکان، تیۆری گلۆستماتیک، ڤاوڵ، کونسنانت ، قاڵبی بڕگە ، ڕێنووس و ئەلفباء ، دروستنوسی، |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

- **فۆنەتیک:** بواری لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکی، دەنگەکانی زمانی مرۆڤ بە گشتی دەگرێتەوە، وێڕای ئەمەش لەو ئەندامانە دەکۆڵێتەوە لای مرۆڤ، کە بە (کۆئەندامی ئاخاوتن یان ئۆرگانی ئاخاوتن) ناودەبرێن لە ڕووی چۆنیەتی کارکردن و پێک هاتن و بەشدارییان لە دروستکردنی دەنگی مرۆڤ، فۆنەتیک لە ڕواڵەت و پێکهاتن و چۆنیەتی ڕۆیشتنی ئەو دەنگانە بە شێوەی شەپۆل بە هەوادا دەکۆڵێتەوە، دەکرێت بە چوار بەشی سەرەکی کە ئەمانەن (فۆنەتیکی فیزیکی، فۆنەتیکی درکاندن، فۆنەتیکی بیستن، فۆنەتیکی تاقیکردنەوە (ئەزموونگەری) ).
- **فۆنۆلۆژی:** لقێکی دەنگسازییە گرنگی بە سیستەمی دەنگیی زمانێکی دیاریکراو دەدات، زانستەکە بایەخ دەدات بە دەسنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانێک و چۆنیەتی و یاساکانی خستنەپاڵیەکی فۆنیمەکان لە قالبی بڕگە و وشەدا دیاریدەکات. هەروەها گرنگیی فۆنیم و ڕۆڵی لە ئاستەکانی زمان و لقەکانی تری زمانەوانیدا دەستنیشاندەکات.
- **گرنگیی بابەت:** قوتابی سنووری زانستەکە دەزانێت و بابەتی لێکۆڵینەوە و ئەرکی لێکۆڵەر لەو سنوورەدا دەزانێت، بەهۆی ئاشنابوونی بەو بابەتانەی ئەم لقەی زمانەوانی گرنگیی پێدەدات. هەروەها شارەزابوون لە بابەتی دەنگسازی گرنگیی زۆری هەیە بۆ خوێندەوار بە گشتی و قوتابیان بەتایبەتی، چونکە لە لایەکەوە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە زمان و کەرەستە زمانییەکان، لەلایەکی ترەوە بێ شارەزابوون لەم بابەتە ناتوانرێت بەباشی شارەزای هەندێک بابەتی تری وەکو (لقەکانی تری زمانەوانی، کێش و سەروا، ڕێنووس و ئەلفبا) ببین.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**- پێشکەش کردنی زانیارییەکی گشتی لە بواری دەنگ و دەنگسازی ، قوتادی زانیاری وەربگرێت لەبارەی چۆنییەتی دروستبوونی دەنگ گواستنەوەی بۆ گوێی وەرگر و جۆنیینتی وەرگرتنی دەگرکان. هەروەها قوتابیان بزانن دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو چۆن دەستنیشان دەکرێن ، ئاگاداری ئەوە بن کە دەنگ لە چ بارێکدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و لە چ بارێکیشدا واتا ناگۆڕێت .
هەروەها شارەزاییان هەبێت لە بارەی ڤاوڵ و کونسنانتیکانی زمانی کوردیدا .هەروەها قوتابیان بتوانن بە شێوەیەکی زانستی سنوری بابەتەکە دەستنیشان بکەن و بزانن ئەو کەرستەو بابەتانە کامانەن کە دەنگسازی گرنگیان پێدەدات و هەوڵی شیکردنەوەیان دەدەات .

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

پێویستە قوتابیان بە تەواوی پابەندی یاساکانی زانکۆ بن لە بواری ئامادەبونیان لە پۆلدا ، هەروەها بەشداری بکەن بۆ ئەوەی کەش و هەوایەکی پڕ گفتوگۆ و لەبار بڕەخسێنن بۆ تاوتوێ کردنی بابەتەکە ، لەگەڵ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و سیمینار بۆ بابەتەکان و ئەنجامدانی کاری دەستەجەمعی لە بوارەکەدا .

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

لە میانەی وتنەوەی بابەتی دەنگسازیدا، پەیڕەوی ڕێگای محازەرە و گفتوگۆ دەکرێت لەگەڵ بەشداری کردنی قوتابیان و ڕەخساندنی ژینگەیەکی زانستی لەبار .

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

بە گوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا نمرە بەم شێوەیە دەبێت 50% نمرە بۆ چالاکییەکان دەبێت ،کە قوتابی دەبێت سیمینار بکات و هەروەها دەبێت چەند نامەیەک هەڵبسەنگێنێت و کورتی بکاتەوە، هەروەها تاقیکردنەوەیەکیش لەسەر (20 نمرە) ئەنجام بدات (50%) ی نمرەکەی تریش بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی (فاینەڵ)دەبێ.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

- قوتابیان شارەزای پەیدا دەکەن دەربارەی دەنگسازی، ئاگاداری ئەو تیۆرییانە دەبن کە بۆچوون و قسەی جددییان لەبارەی دەنگەکانی زمانەوە خستۆتەڕوو، هەروەها شارەزای سازگە و سیماکانی دەگە زمانییەکان دەبن.
- هەروها لەڕێگەی شارەزابوون لە بابەتەکە دەتوانن فۆنیمەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکەن ، ئاگاداری هەموو ئەو گۆڕانە دەنگیانە بن کە لە زمانی کوردیدا ڕوویانداوە ، هەر لە ڕێگەی ئەم کورسەوە قوتابیان دەتوانن شارەزایی پەیدا بکەن لەبارەی ڕێنووس و دروستنوسی زمانی کوردیدا
- ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر دەبێت ، سەبارەت بە لێکۆڵینەوە زمانییەکان .

**16. لیستی سەرچاوە**


- د. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەڵاحەددین- 2011.
- ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، وریا عومەر ئەمین، 2004.
- یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی، مامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، 2000.
- فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، تالب حوسێن، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، 1989.
- فۆنەتیک، غازی فاتح وەیس، 1984.
- فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، غازی عەلی خورشید، 2010.
- ئەندازەی دەنگ لە شێوەزاری هەورامیدا( ژینۆ دەختیار) نامەی ماستەر.

**سەرچاوەی سوودبەخش:**

- پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە زمانی کوردیدا، ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن کانەبی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، 1998.
- بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لە کوردیدا، ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن کانەبی، نامەی ماستەر،

زانکۆی سەلاحەدین، 1991.
- دەنگسازی و بڕگەسازی لە زمانی کوردیدا، د.شێرکۆ بابان، 2005.
- زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1976.
- فۆنیمەکانی زمانی کوردی، د.کمال فوئاد، 1995.
- فۆنەتیکی زمانی کوردی، محەمەدئەمین هەروارمانی، 1974.

**بە زمانی عەرەبی:**
- الاصوات اللغوية, ابراهيم أنيس, 1975.
- دراستة الصوت اللغوي, احمد مختار عمر, 1976.
- الاصوات اللغويه، محمد على الخولى، 1987.
- في البحث الصوتي عند العرب, خليل ابراهيم العطية, 1983.
- في الصوتيات العربية, محي الدين رمضان, 1979.

بە زمانی ئینگلیزی:

- Robins. R. H(1978), General linguistics Longman group, Ltd. London
- Trubetzkoy. N. s . (1962), principles of phonology, university of California press.
- Brown, G. (1974) practical phonetic and phonology teaching Use in Applied linguistic. Oxford university press
- Sherko A. T. Baban (2009) the phonetic Junction Faculty in a universal phonology theory. Erbil.
- Gussenhoven, C and Jacobs, H. (2012) Understanding phonology.
- Crystal, D. (2003) A dictionary of linguistics and phonetics Blackwell publishing.
- Goldsmith, J.A . (1990) Auto segmental and metrical phonology, Oxford Blackwell

## 17. بابەتەکان

| ژ | بابەتەکان | هەفتەکان |
|---|---|---|
| | تێڕوانینی قوتابخانە زمانییەکان بۆ دەنگ<br>جیاوازی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی | هەفتەی ( ١ ) |
| | فۆنەتیک: سنۆر و ناساندن<br>لقەکانی فۆنەتیک<br>١- فۆنەتیکی فیزیکی | هەفتەی ( ٢ ) |
| | ٢- فۆنەتیکی درکاندن | هەفتەی ( ٣ ) |
| | ٣- فۆنەتیکی بیستن<br>٤- فۆنەتیکی تاقیکردنەوە | هەفتەی ( ٤ ) |
| | دابەشکردنی دەنگەکان بەپێی سیما فۆنەتیکییەکان<br>١- دابەشکردنی دەنگەکان لەسەر بنەمای چۆنییەتی گۆکردن<br>آ- لایەنی ژێداری و بێ ژێی | هەفتەی ( ٥ ) |
| | ب- سازگەی دەنگەکان یان شوێنی درکاندنیان.<br>ج-چۆنییەتی درکاندن( بار و حاڵەتی هاتنەدەرەوەی تەوژمی هەوا لەکاتی درکاندندا) | هەفتەی ( ٦ ) |
| | هەندێک سیمای دیکەی فۆنەتیکی<br>- مەڵاشوێنراو<br>- گەروێنراو | هەفتەی ( ٧ ) |
| | فۆنۆلۆجی: سنوور و ناساندن<br>فۆنیم و ئەلۆفۆن<br>چۆن فۆنیمەکانی زمان دەستنیشان دەکەین | هەفتەی ( ٨ ) |
| | دابەشبوونی فۆنیمەکانی زمانی کوردی<br>یەکەم : فۆنیمە کەرتییەکان | هەفنەی ( ٩ ) |
| | دووەم : فۆنیمە نا کەرتییەکان<br>- هێز ، سترێس ، ئاواز<br>هێز لە وشەی سادە و ناسادەدا | هەفتەی (١٠ ) |

| | | |
|---|---|---|
| | فۆنیمەکانی زمانی کوردی<br>-ڤاوڵەکان<br>-کونسنانتەکان<br>-نیمچە ڤاول | هەفتەی (١١ ) |
| | بڕگە<br>قالبەکانی بڕگە لە کوردیدا<br>هێشوو و بەدوای یەکداهاتن | هەفتەی (١٢ ) |
| | یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی | هەفتەی ( ١٣ ) |
| | - ڕێنوسی عەرەبی و گرفتەکانی<br>- ڕێنماییەکانی کۆڕی زانیاری لەبارەی ڕێنوس و درووستنوسی | هەفتەی (١٤) |
| | - ڕێنوسی لاتینی و کرفتەکانی<br>- وێنەی فۆنیمە بزوێن و نەبزوێنەکان بە ڕێنووسی لاتینی | هەفتەی (١٥) |
| | پێداجوونەوە و تاقیکردنەوە | هەفتەی ( ١٦ ) |

| |
|---|
| **18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)** |
| |
| **19. تاقیکردنەوەکان**<br>**نموونەی پرسیار :**<br>1- قاڵبەکانی بڕگە لەزمانی کوردیدا بە نموونەوە دیاری بکە<br>2- چۆن فۆنیمەکانی زمانێک دیاریدەکەی |
| **20. تێبینی تر** |
| **21. پێداچوونەوەی هاوەڵ** |